کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:06 9-12-2007

## گومانەکانمان لەجێگای خۆیدابوو. ... مەریوان نەقشبەندی

لەدوای راپەرینی ساڵی 1991وە بەردەوام سەرکردایەتی سیاسی کورد داوای گەرەنتی ئەوەی کردوە کەجارێکی دیکە هەرێمی کوردستان شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران و کاولکاری و جینۆساید نابێتەوە، بەردەوامیش گومانمان هەبوە لەرژێمەکانی بەغدا، بەلام ئەم گومان و داواکاریەی کورد دەرهاویشتەی پێشهات و گۆرانکاریە ئانیەکان نەبوە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو ئەزموونە تاڵەیە کە لەگەڵ شەش رژێمی دکتاتۆر ودەسەلاتداری عیراق هەمانە کە یەك لەدوای یەك لەسەردەمی حوکمی مەلیکیەوە تا روخانی رژێمی سەدام دۆسێی مافەکانی کوردیان لەناو نانێکی گەرمدا بەهەڵواسراوی و شێوێنراوی تەسلیم بەیەکتری کردوە، سەیر ئەوەیە هەموو ئەو شەش رژێمە دکتاتۆریەی عیراق بەکودەتای سەربازی و پاکتاوکردنی ئایدیۆلۆژی و بەئاگروئاسن و خوێنڕشتنێکی زۆر دەهاتنەسەر کورسی حوکمرانی و هەریەکەیان هەوڵیداوە ئەوەی پێشوتری لەریشەوە دەربهێنێت، کەچی هەر هەمویان لەسەر فەرامۆشکردنی داواکاری و خواست و مافە رەواکانی گەلی کورد هاوبیر و هاورێگا و هاوکاربوون، بۆیە سەرکردایەتی سیاسی کورد مافی خۆی بوو، ولەسەر حەقیش بوو کاتێك بە رێککەوتن و ئیمزاکردنی پەیماننامە و رێککەوتننامە لەگەڵ هیچ حکومەتێك (بەحکومەتی مالکیشەوە) رازی نەبوە و بەردەوام داوای گەرەنتی نێودەولەتی و جێبەجێکردنی دەستووری نوێی عیراقی کردوە،



ئەوەتا دوای روخانی رژێمی سەدام و بەشداریکردنی کورد وەك هاوپەیمانێکی سەرەکی ئەمریکا و هێزە عیراقیەکانی دیکە لەپرۆسەی ئازادکردنی عیراق و دان بەخۆداگرتنی زۆری لەپێناو بەئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکەی و بەیاسا و دەستووری کردنی کێشەی نەتەوەیی لەعیراقدا، کەچی ئەوەتا وردەوردە سەرانی نوێی عیراق لەئیلتیزاماتی خۆیان بەرامبەر گەلی کورد و لەسەروی هەمووشیانەوە جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستوور و مەسەلەی وەبەرهێنان و دەسەلاتی هەرێمەکان خۆیان دەدزنەوە، ئەمە ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوەی راستی سەرکردایەتی سیاسی و جەماوەری کوردستان بەرامبەر بەسیاسەت و ئامانجی شاراوەی رژێمە دەسەلاتدارەکانی بەغدا، ببینن چۆن خەریکە بەئەسپایی لەجێبەجێکردنی مادەی 140 خۆیان دەدزنەوە، چۆن نیگەران و توشی شۆك بوون کاتێك دەبینن حکومەتی کوردستان سەرقاڵی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمەکەیەتی، توشی چ حەساسیەتێك بوون کاتی لەپێناو بەردەوامبوونی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان رەخنە لەو رێوشوێنە ئەمنیانە دەگرن کە ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەرامبەر خەڵکی (نەناسراو) ی باشوور و ناوەراستی عیراق دەیگرێتەبەر، بەناوهێنانی سستمی فیدرالی توشی سەرئێشە و کەم فکری دەبن و دوای ئەوەی 12 ملیۆن عیراقی دەنگی بۆ ئەم سستمە داوە ئێستا دەڵێن هێشتا خەڵکی عیراق شارەزایی و رۆشنبیری تەواوی لەسەر فیدرالیەت نیە و ناشبێت بەبی رەزامەندی خەڵکی نەجەف و کەربەلا و تکریت و رومادی هەرێمی کوردستان بریار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، سەیری ئەو پاشگەزبوونەوە دراماتیکیەی لیستەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بکەن چۆن لەسەر هەموو شتێك کە پەیوەندی بەمافی گەلی کورد و هەرێمی کوردستانەوە هەبێت پیشانی دەدەن و بەشێوازی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەیانەوێت پێمان بڵێن:ئێوە زیاد لەمافەکانی خۆتان وەرگرتوە و کاتی خۆی ئێمە باڵشکاو و دەست بەسراوبووین و ئێستا دەست و چاومان کراوەتەوە و خەریکە وردەوردە بارودۆخی ئەمنی باش دەبێت و چیتر پێویستمان بە هاوپەیمانێتی کورد نیە و دەبی هەموو بریارەکان لەبەغدا بدرێت،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:06 9-12-2007

کەواتە سەرۆك بارزانی لەسەر حەق بوو پێداگیری لەسەر گەرەنتی نێودەوڵەتی بۆ گەلی کورد و هەرێمی کوردستان دەکرد، لەسەر حەق بووە کە ناهێڵێت ئاڵای تەعریب و ئەنفالچیەکان لەهەرێمی کوردستاندا هەڵبکرێت، لەسەر حەق بووە کاتێك بە حکومەتی بەغدا دەڵێت:دەبی خەڵکی کوردستان سەرپشك بێت کە ئایا لەگەڵ ئێوە دەمێنێتەوە یان نا.

لەگەڵ پێشڤەچونە ئیجابیەکانی بەغدا، لەگەڵ باشبونی رەوشی ئەمنی و زیادبوونی هێزە چەکدارەکانی حکومەتی ناوەند (کەبەشێکی زۆریان لەمیلیشیاکان پێکهاتوون)، لەگەڵ زیادبوونی داهاتی عیراق و لەگەڵ زیادبوونی گوشار و هەرەشەی ولاتانی ئیقلیمی لەسەر هەرێمی کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، دەسەلاتدارانی بەغدا ناخ و ئامانجە شاراوەکانیان ئاشکراتر دەبێت،

رەنگە ئەوان گرەویان لەسەر ئەو داواکاری و نارەزاییانە کردبێت کە لەسەر کەمیی خزمەتگوزاری و کەموکوری لەبەرێوەبردن و سستمی ئیداری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئارادایە، بەلام ئەوانە بێ ئاگان لەوەی کە خەڵکی کوردستان رێگای دیموکراسیەتی هەڵبژاردوە و ئەوەی لەکوردستان دەبینرێت دەرهاویشتە و ئەنجامی کاملبوون یان بەرەو کاملبوونی دیموکراسیەت و ئازادی رادەربرینە و لەگەڵ هەستکردن بەهەرەشە بۆ سەر قەوارەی سیاسی و نەتەوەییمان هەموو ئەو خۆپیشاندەرە قوتابی و لاوانەی داوای کارەبا و خزمەتگوزاری و باشترکردنی سستمی پەروەردە و زانست دەکەن دەبنە پێشمەرگە و قەڵغانی نەتەوەکەیان، کاردانەوەی جەماوەری بەرامبەرهەرەشەکانی ئەم دواییەی سوپای تورکیاش باشترین دەرسە بۆ ئەوانەی کەهێشتا لە (ناوچەی سەوز) لەبەغدا ناوێرن بێنە دەرەوە یان لەپایتەختی ولاتە عەرەبیەکانەوە دانیشتوون و هەرەشە لەکورد و مافە رەواکانی دەکەن.

naqshbandy@gmail. com

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.